# وەفاتنامەی پێغەمبەر د. خ.
# وەفاتنامەی حەزرەتی محەمەد

**لە سەر چاپی ئینتیشاراتی سەییدیان-مەهاباد**

**ئامادەکردنی بۆ نێت: ماڵپەڕی کوردیپیێدیا**

**هێنانە سەر ڕێنووسی نوێ و فەرهەنگۆک:**

**زریان سەرچناری**

**٢٠٢٤**

| **وەفاتنامەی پێغەمبەر د.خ.**<br>**وەفاتنامەی حەزرەتی محەمەد** | **فەرهەنگۆک**<br>**هەندێک لە وشەکان بە عەربی/فارسی نووسراونەتەوە** |
|---|---|
| **ئەوەڵ بەناوی خودای بێهاوتا** | اول: یەکەم |
| **فەرد و بێشەریک هەم تاک و تەنیا** | فرد: تاک |
| **تاک و تەنیای فەرد تاک و تەنیای فەرد** | |
| **کەرەم بێشومار تاک و تەنیای فەرد** | |
| **قادر و خالق هەوای گەرم و سەرد** | قادر: بەتوانا/ خالق: بەدیهێنەر |
| **نەیهێشتووە دڵێ تێیدا نەبێ گەرد** | |
| **دەروونێ نییە تێیدا نەبێ ئێش** | |
| **لە شاهـ، لە گەدا، لە میر، لە دەروێش** | |
| **ئەمری خودایە لە کەلامی خۆی** | امر: فەرمان/ کلام: وتە |
| **زیندە نامێنێ ئەبەد کولی شەیء** | أبد: هەرگیز/ کل شیء: هەموو شتێک |
| **هەر کەسێ دنیای لا موعتەبەرە** | معتبر: سەنگین |
| **عاقیبەت دەمرێ ئەو بێخەبەرە** | عاقبة: سەرەنجام |
| **ئەگەر بە عیلم و فەزڵ ببوایە** | |
| **حەزرەتی ئادەم دەبێ بمایە** | |
| **کوا عەبدولغەفار نەبیوڵڵا نوح** | نبي الله: نێرراوی خوا |
| **لاوچاک و چالاک بە مانەندی ڕوح** | مانند: هاوشێوە |
| **کوانێ ئیبراهیم باوکی ئیسماعیل** | |
| **خەلیلی خالیس جەبباری جەلیل** | خلیل: دۆست |
| **کوا حوسن و جەمال یوسفی کەنعان** | حوسن وجمال: جوانی و شۆخی |
| **کە لە قیامدا سەندیان لەوی گیان** | |
| **ئەگەر ڕزگاری کەسێ بە زاری** | |
| **ئەیوب لە مردن دەیبوو ڕزگاری** | |
| **یاخود ببوایە بە قووەی بازوو** | |
| **موسای کەلیم مەرگی نەدەبوو** | کلیم: دوێنەری خوا |

| | |
|---|---|
| **کوانێ سولەیمان ساحێبی جەلالت** | صاحب الجلال: خاوەن شکۆ |
| **بوزورگ و عەزیم پڕ سام و هەیبەت** | بزرگ: گەورە/ عظیم: مەزن |
| **کوڕانی ئەسکەندەر شەرق و غەربی گرت** | شرق وغرب: ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا |
| **وەختێ کە زانی ئەجەل یەقەی گرت** | اجل: وادەی مەرگ |
| **ئەگەر بە خشووع تەوازوع دەبوو** | خشوع: ملکەچی/ تواضع: لەخۆبردوویی |
| **یەحیا لە مردن نەجاتی دەبوو** | نجات: ڕزگار |
| **جا دەکەین باسی ئەحمەدی موختار** | أحمد: ناوی پێغەمبەر/ المختار: هەڵبژاردە |
| **فەرمانی وەفات کە بۆی هاتە خوار** | وفاة: مردن |
| **ڕۆژی دووشەممە ڕەبیعولئەوەل** | ربيع الاول: مانگی سێیەمی ساڵی کۆچی |
| **مەرگ بوو بە میوان ئەحمەدی مورسەل** | مرسل: نێردراو |
| **ئەو ڕۆژە خودای جەببار و جەلیل** | جبار وذوالجلال: ناوی خوان |
| **ئەمری کرد فەرمووی بڕۆ عیزرائیل** | عزرائيل: فریشتەی گیانکێشان |
| **بۆ قەبزی ڕوحی ڕەسوولی ئەمین** | قبض الروح: گیانکێشان |
| **قابزی ئەڕواح بچۆ سەر زەمین** | قابض: فریشتەی گیانکێشان |
| **فەرمووی: عیزرائیل ببە میوانی** | |
| **لە منەوە سەلام بە دووعاخوانی** | |
| **کولی زیرۆحێ دەبێ ببێ فەوت** | ذوات الأرواح: ئەوەی خاوەنی گیان بێت |
| **خودا دەفەرمووێ: زائیقەتولمەوت** | ذائقة الموت: تامی مردنێ دەچێژێت |
| **عەزیزتر لە ئەو بۆ خۆی دەیزانی** | |
| **خەلقم نەکردووە لە دنیای فانی** | فاني: لەناوچوو |
| **بە دەستوور بچۆ تۆ بۆ خزمەت ئەو** | |
| **فەرمان بەرە لای بە دەوان و دەو** | دەوان و دەو: چوست و ڕاکرد |
| **زۆر بەئاسانی بکێشە گیانی** | |
| **وەعدە هاتووە نییە ئامانی** | وەعدە: وادە؛ هاتنی وەختی شتێک |
| **قابیز کە بینی ئەمری کردگار** | |
| **هات بۆ خدمەتی ڕەسوولی نازدار** | |
| **بەهاوار و شین بە ناڵە و زاری** | |
| **فرمێسکی دەڕشت وەکوو مرواری** | |

| | |
|---|---|
| **وتی: ئەی کەریم کارسازی کاران** | کریم: ناوی خوایە |
| **قەبزکردەی ڕووح هەموو گیانداران** | قەبزکردەی گیان: کێشەری گیان |
| **ئەحمەدی موختار نازداری خۆتە** | |
| **بۆ جەمیع ئوممەت ڕەهنومای ڕێتە** | جميع: سەرجەم/ امة: نەتەوە/ رهنما: |
| **هاتە زەلزەلە ئاسمان و زەمین** | ڕێنیشاندەر |
| **بۆ قەبزی ڕۆحی محەممەد ئەمین** | زلزلة: زەویلەرزە |
| **خوداوەند وتی لە خۆم زیاتر** | |
| **نابێ بمێنێ دەیارولبەشەر** | دیار البشر: مرۆڤ و خاوەنگیان |
| **لەگەڵ جوبرائیل بچۆرە خوار** | جبرائیل: فریشتەی هێنانی نیگا |
| **بچۆ ئاستانەی ڕەسوولی نازدار** | ئاستانە: پێش دەرگە |
| **ئەوەل عەرزی کە دوعا هەم سەلام** | اول: یەکەم |
| **لەپاشان ئەمجا پێی بدە پەیغام** | پەیغام: ڕاسپێری |
| **ئارەزووم هەیە بۆ دیدەنی ئەو** | |
| **بۆ جەمالی پاک بەرگوزیدەی ئەو** | بەرگوزیدە: هەڵبژێردراو |
| **بڵێ با دڵی شاد بێ، مژدە بێ** | |
| **بۆ جێگا و مەئوا و مەکای خۆی، بێ** | مأوى ومكان: شوێن و جێگە |
| **وەختێ کە خودا خالقی جەلیل** | |
| **ئەم ئەمرەی تەبلیغ کرد بە عیزرائیل** | تبليغ: پێ ڕاگەیاندن |
| **مەلەک لە داخا جگەریان جۆشا** | ملك: فریشتەکان |
| **لەتەواو ئەمری حەق تەواو خرۆشان** | |
| **تاقمێک هاتن لەگەڵ عیزرائیل** | |
| **تا گەیینە مەئوای ئەخی جبرائیل** | أخي: برام |
| **جوبرائیل لەگەڵ مەلەک چەند هەزار** | |
| **هاتنە خزمەتی ئەحمەدی موختار** | |
| **ئاگادار نەبوو سەییدی سادات** | سيد السادات: پێشەوای پێشەوایان |
| **چوو بۆ جامیعە بۆ ئەدای سەڵات** | جامع: مزگەوت/ أداء الصلاة: بەجێهێنانی نوێژ |
| **جیبریلی ئەمین چوو لێی کرد سەلام** | |
| **عەلەیک دا جەواب سەییدولئەنام** | سيد الانام: پێشەوای درووستکراوان |

| | |
|---|---|
| **محەمەد کە دی وا ڕووحولئەمین** | روح الامین: فریشتەی نیگا |
| **بەمشەوەشی هاتووە بۆ زەمین** | مشوش: پەشۆکاو |
| **فەرمووی جوبرەئیل پەشێوە حاڵت** | |
| **وا دیارە لە ڕەنگ شێوەی جەمالت** | |
| **گۆڕاوە جەمال پاکی نوورینت** | |
| **وەکوو باران دێت تکەی ئەسرینت** | ئەسرین: فرمێسک |
| **فەرمووی ئەی ڕەسووڵ حەبیبی نازدار** | حبیب: خۆشەویست |
| **بۆ تۆ من دیدەم بووە تیرە و تار** | تیرە: بەژان/ تار: تاریک |
| **ڕەسووڵ کە بیستی ناوی مەرگی خۆی** | |
| **لەرزی وەک داربی، شەماڵ بدا لێی** | |
| **ئەخی جوبرەئیل هەر زاری دەکرد** | |
| **کەژ و کێو و دەشت هاواری دەکرد** | |
| **وەختێ کە زانی مەرگی میوانە** | |
| **مەیلی کرد کە بچێت بۆ حەرەمخانە** | حەرەمخانە: ژووری ژنان لە ماڵدا |
| **قابیز هات کردی سەلام لە ڕەسووڵ** | |
| **عەلەیک جوابی دا بە دڵی مەلووڵ** | ملول: غەمبار |
| **فەرمووی ئەی ڕەسووڵ سەییدی سەروەر** | |
| **ئەمری فەرمووە خالقی داوەر** | |
| **مەعلووم بێ لە تۆ کە من ڕۆحکێشم** | |
| **بۆ تۆ غەمبار و دەروون پڕ ئێشم** | |
| **ڕەسووڵی سەروەر دایەوە جەواب** | |
| **فەرمووی ئیزنم دە بۆت دەبێ سەواب** | |
| **با بچم بۆ ماڵ پێم بدەن دەستوور** | |
| **ڕوخسەت بخوازم لازمە زەروور** | |
| **کە ڕۆیشت بۆ ماڵ، ئەحمەدی موختار** | |
| **عائیشە دیتی ئەو ڕەنگ و ڕووخسار** | |
| **فەرمووی کوا جەمالی پاکی نوورینت؟** | شەوق: کەیف خۆشی /لقا: سەروسیما / بۆی |
| **کوا شەوق و لەقا و بۆی عەنبەرینت؟** | عەنبەرین: بۆنی خۆش |

| | |
|---|---|
| پێغەمبەر فەرمووی تۆ نیتە خەبەر | |
| مەرگم میوانە بە دانای داوەر | |
| عائیشە ئەمەی کە بیست بەیەکجار | |
| فرمێسکی هەڵڕشت وەک سەیلی بەهار | سیل: لافاو |
| جا بیستیان دەنگێ هات لە دەرگاوە | |
| تەقولبابی کرد وەستا بەپاوە | دق الاباب: لەدەرگادان |
| پرسییان کێیە ئەو دەنگە غالیبە | غالب: زاڵ |
| فەرمووی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە | |
| عائیشە ڕۆیشت بانگی لە بەر دا | |
| هەردووکیان دایان بە فەرقی سەردا | فەرقی سەر: تەوقی سەر |
| فەرمووی ئەی عەلی تۆ نیتە خەبەر | |
| محەمەد بەرگی مەرگ دەکاتە بەر | |
| عیزرائیل ئەوا بۆی هاتووەتە خوار | |
| دەکێشێ ڕۆحی ڕەسوولی نازدار | |
| عەلی لە عائیشە کە بیستی خەبەر | |
| دەرچوو لە لیباس بۆی عەتر و عەنبەر | بۆی عەتر: بۆنی عەتر |
| بۆ مەرگی ڕەسوول بڕا قەراری | |
| دەستی کرد بە شین بە گریە و زاری | |
| پێغەمبەر فەرمووی: عەلی مەدە جۆش | |
| تۆ بۆچ مەرگی خۆت دەکەی فەرامۆش؟ | |
| لەپڕ دەنگێ هات بەتەعجیل و تاب | تعجیل: پەلە/ تاب: بەتوندی |
| فەرمووی عومەرم من ئیبن خەتتاب | ئیبن: کوڕ |
| عائیشە بۆی چوو بەگریان و ئێش | |
| دڵی عومەری خستە ئێش و ڕێش | ڕێش: برین |
| فەرمووی: ئەی عومەر نازانی خەبەر | |
| ڕەسوول ڕێگای مەرگی وا هاتووەتە بەر | |
| عومە لە عائیشە کە بیستی جەواب | |
| کزەی دەروونی دەهات وەک کەباب | |

| | |
|---|---|
| **فەرمووی ئەی ڕەسوول کوێربێ چاوانم** | |
| **جا من لەپاش تۆ چۆن بێ، ژیانم!** | |
| **لە وەختی شەفەق کاتی بەربەیان** | شفق: سپێدە |
| **بیلال بانگی دا بەسۆز و گریان** | |
| **کە چوو بۆ مزگەوت بەعەزمی نماز** | نماز: نوێژ |
| **نەی دی جەمالی شای گەردن فەراز** | فەراز: بڵند |
| **لە دەرد و داغی فیراقی ڕەسوول** | فیراق: دابڕان |
| **ڕەنگی پەشێو بوو دڵ مات و مەلوول** | |
| **وەختێ لە مزگەوت بەتاو هاتە دەر** | |
| **چوو بۆ خزمەتی ڕەسوولی سەروەر** | |
| **لە دەرگانەی دا بە دڵی غەمبار** | |
| **عائیشە ڕۆیشت بەگریان و زار** | |
| **عائیشە وەختێ کە بیلالی دی** | |
| **بۆی گێڕایەوە ئەحواڵی نەبی** | النبي: نێردارو |
| **فەرمووی ئەی بیلال بۆچی نازانی!** | |
| **ڕەسوول کۆچ دەکا لە دنیای فانی** | |
| **بیلال کە بیستی بەنەعرە و خرۆش** | نعره: هاوار |
| **یەقەی خۆی دڕی لەوێ بوو بێهۆش** | |
| **عائیشە جوابی برد بۆ پێغەمبەر** | |
| **وتی بێهۆش بوو بیلالی سەروەر** | |
| **پێغەمبەر فەرمووی عەسا بێنە بۆم** | عصا: گۆچان |
| **بچم ببینم نووری دیدەی خۆم** | |
| **هەتا لە پاش من نەبێ بە حەسرەت** | |
| **بکێشی بۆ من ئاه تا قیامەت** | |
| **عەلی دەستی دا بە دەستی ڕەسوول** | |
| **چوون بۆ لای بیلال خەستەدڵ مەلوول** | خەستەدڵ: غەمبار |
| **سەلامی لێ کرد بەگریانەوە** | |
| **ئەی لاواندەوە بە ئەفغانەوە** | ئەفغان: دادوهاوار |

| | |
|---|---|
| **عەلەیکی جواب دا بیلالی حەبەش** | |
| **بەدڵی غەمگین دەروون مشەوەش** | |
| **فەرمووی یا ڕەسوول سەییدی سادات** | |
| **ڕۆحی هەزاری وەک من بێ فیدات** | |
| **پێغەمبەر فەرمووی هەڵسە هەر ئێستا** | |
| **بچۆ لای یاران پڕ سیدق و سەفا** | صدق و صفا: ڕاستگۆیی و پاکی |
| **ئەووەڵ سەلامم تەبلیغ کە پێیان** | |
| **دووەم ئازادیم بخوازە لێیان** | |
| **بڵێ ئەبوبەکر پێشنوێژی بکات** | |
| **لە دووعای خێریش بێبەشمان نەکات** | |
| **بیلالی حەبەش ڕووی لە مزگەوت کرد** | |
| **هانای بۆ سددیق بەغەمەوە برد** | |
| **فەرمووی ئەبوبەکر نازانی خەبەر** | |
| **وەعدەی کۆچییە سەییدولبەشەر** | |
| **بووبەکر بیستی خەبەر لە بیلال** | |
| **بێهۆش بوو دەرحاڵ، دەروون پڕ مەلال** | |
| **گریا بەزاری بانگی لێ بەردا** | |
| **ئەی ئەبولقاسم، وای محەممەدا** | ابوالقاسم: نازناوی پێغەمبەر |
| **کەوتە ناو ئەسحاب زەلزەلەی عەزیم** | زلزلة العظیم: زەمین لەرزەی مەزن |
| **وەختبوو لەداخا ڕۆح بکەن تەسلیم** | ڕۆح تەسلیم کردن: گیان سپاردن |
| **بە جارێ هەموو بوون مات و مەلوول** | |
| **بۆ خاڵیبوونی میحرابی ڕەسوول** | میحراب: جێگەی پێشنوێژ لە مزگەوتدا |
| **پێغەمبەر فەرمووی ئەی خەفەتباران** | |
| **بمبەن بۆ مزگەوت بچمە لای یاران** | |
| **هەتا ببینم برایانی خۆم** | |
| **پەشیمان نەبن وەختێ من بڕۆم** | |
| **هەڵسان دەرسەعات بۆ مزگەوتیان برد** | دەرسەعات: لەو کاتەدا |
| **لەگەڵ ئەسحابان نوێژی سوبحیان کرد** | صبح: بەیانی |

| | |
|---|---|
| ڕووی کردە یاران دانیشت لە میحراب | |
| کێشای لە دەروون ئاهی سەرد و تاب | |
| فەرمووی ئەی یاران سەلامو عەلەیک | |
| عەلەیکیان جوابدا بەزاری، لەبەیک | لبیک: سەرم لەڕێتە |
| فەرمووی هەر کەسێ قەرزی داوە پێم | |
| با بێت بیدەمێ یا بیبەخشێ پێم | |
| ئازادم بکەن پێم بدەن دەستوور | |
| قابیز بۆ ڕۆحم هاتووە بەزەروور | |
| حەقم ساقت کەن لەبەرچاوی خۆم | ساقط: دانەوەی حەق |
| قیامەت زۆر سەختە، با هیچ غەم نەخۆم | |
| کەوتە ناو ئەسحاب شیوەن و زاریی | |
| فرمێسک لە چاویان وەک سەیل دەباریی | |
| وتیان ئەی ڕەسوول کوێربێ چاوانمان | |
| دوای تۆ جوبرەئیل نایە بۆ ناومان | |
| با بێینە سەر باس ئەو عوکاشە ناو | |
| لە ڕووی پێغەمبەر ئەو هاتە جواو | جواو: وەڵام |
| ئەویش یەکێ بوو لە ئەسحاب ڕەسوول | |
| هەڵسایە سەر پێ بە حەقی ئوسووڵ | |
| فەرمووی ئەی ڕەسوول بە سیدق و ئیخڵاس | |
| سێ قەمچیم هەیە لەسەر تۆ قیساس | قصاص: تۆڵە |
| ڕۆژێ لە ڕۆژان لەخزمەتدا بووم | |
| بەعەزمی غەزا ڕوو لە دەعوا بووم | دعوا: جەنگ |
| نزیک کەوتەوە حوشترم لە تۆ | |
| منیش دابەزیم بۆ زیارەتی تۆ | |
| داتهێنا قامچی بۆ حوشتری خۆت | |
| دات لە شانی من نەتزانی بەخۆت | |
| مادام سێ قامچیت دا لە شانی من | |
| ئەو حەقەم لاتە دڵ و گیانی من | |

| | |
|---|---|
| **پێغەمبەر فەرمووی بڕۆ ئەی بیلال** | |
| **ئەو قامچییە بێنە بۆ من زوو لە ماڵ** | |
| **بە عوکاشەی وت: بووبەکر دەردەم** | دەردەم: دەستبەجێ |
| **بۆ هەر قامچییەک سەد درهەم دەدەم** | درهم: دراوێکی کۆنە |
| **لە پاش ئەو فەرمووی: عومەری خەتتاب** | |
| **سەد حوشتر دەدەم من بەبێ حساب** | |
| **عوسمان وتی: پێی کەمەربەندی زەڕ** | |
| **دەتدەمێ نەقشی لە دووڕ و گەوهەر** | |
| **عەلی وتی: من دەدەم سەد غوڵام** | غوڵام: بەندە |
| **کڵاوخوودەیان هەموو نوقرەی خام** | کڵاوخوود: کڵاوی ئاسنینی شەڕکەر |
| **قبووڵی نەکرد عوکاشا ئەسڵا** | |
| **خەفەتلەدڵبوو، بۆ ڕەسوولەڵڵا** | |
| **عوکاشا وتی: بێ خیلاف و باس** | |
| **ئەو ڕۆژە شانم ڕووت بوو لە لیباس** | لباس: پۆشاک |
| **شانی بۆ ڕووت کرد حەزرەتی ڕەسووڵ** | |
| **تاکوو عوکاشا لێی بکا قبووڵ** | |
| **لێرە بەولاوە ئەی دۆستی گیانی** | |
| **تەرجەمەی مەحزوون نەوەی سەعدانی** | |
| **ئەسحابە کردیان بە شین و زاریی** | |
| **وەختبوو لە داخا بمرن یەکجاریی** | |
| **شانی خۆی ڕووت کرد سەییدولبەشەر** | |
| **جیسمی کەوتە دەر دەک بەدری ئەنوەر** | جسم: لاشە/ بدر الانور: مانگی چوادە |
| **وەختێ کە دەرکەوت جیسمی، لە ئاسمان** | |
| **مەلائیکەکان بەربوونە گریان** | |
| **کاتێ عوکاشا دی جیسمی لەتیف** | لطیف: ناسک |
| **بەئیخڵاسەوە ماچی کرد زەریف** | ظریف: جوان |
| **قەسدی زیارەتی پشتی پڕ نوور بوو** | قصد: مەبەست |
| **بۆیە بەو نەوعە زار و زەروور بوو** | |

| | |
|---|---|
| **فەرمووی ئەی ڕەسووڵ ڕۆحم فیدات بێ** | |
| **کێ هەیە کەوا حەقی لەلات بێ** | |
| **هەموو موحتاجین بە تۆ ئەی ڕەسووڵ** | |
| **بە ئوممەتی خۆت بمانکەی قبووڵ** | |
| **بۆیە وەهام کرد منی گوناهکار** | |
| **بە ماچی جسمت مەحفووزبم لە نار** | محفوظ: پارێزراو/ نار: ئاگر |
| **لە پاشان ئەمجا حەزرەتی ئەحمەد** | |
| **فەرمووی هەر کەسێ دەیەوێ بە جد** | |
| **بچێتە جەننەت لە داری دنیا** | جنة: بەهەشت |
| **سەیری جەمالی عوکاشا بکا** | |
| **ئەسحابە هەموو هەڵسانە سەرپێ** | |
| **ناوچاویان ماچ کرد یەکسەر جێبەجێ** | |
| **وتیان: عوکاشا خۆزگەمان بە تۆ** | |
| **بووی بە ڕەفیقی جیسمی عەنبەربۆ** | |
| **دەرەجەی ئەعلا بۆ تۆیە یەکجار** | دەرەجەی ئەعلا: پلەی بەرز |
| **تۆی خۆشەویستی ئەحمەدی موختار** | |
| **لە جەنەتیشدا ڕەفیقە بۆ تۆ** | |
| **خودا ڕەحم کا بە ئێمەش، وەک تۆ** | |
| **وەختێ تەواو بوو گفتوگۆ و ئەحواڵ** | |
| **ڕەسوول تەشریفی هەڵسا چوو بۆ ماڵ** | |
| **لەگەڵ ئەسحابە و یارانی کیبار** | کبار: گەورە |
| **ڕۆیین بۆ حوجرەی عائیشەی نازدار** | حوجرە: ژووری |
| **کردیی وەسییەت لە حەرەمخانە** | |
| **تەبلیغی فەرموو بە خەڵق ئازانە** | |
| **لەپاش وەسییەت گفتوگۆ ئەمجا** | |
| **فەرمووی کۆچ دەکەم، لە داری فەنا** | دار الفناء: دنیای بێبەقا |
| **بۆ حزووری حەق تەڵەب کراوم** | طلب: داوا |
| **ژیانم خەتمە وەعدە تەواوم** | ختم: کۆتا |

| | |
|---|---|
| **که مردم عەلی بمشوا بە ئیخڵاس** | |
| **ئاوم برێژێ، فەزڵ بن عەبباس** | بن: کوڕ |
| **ئوسامەی زەید یاریدە بدا** | |
| **تووشی ئەجر دەبن لە قیامەتدا** | اجر: پاداشت |
| **لە لیباسی خۆم بۆم بکەن کفن** | |
| **لە دوای شۆرینم هیچ غافڵ نەبن** | |
| **لەسەر تەختی خۆم لەم حوجرە تەنها** | |
| **دامبنێن بڕۆن ئەهل و ئەقریبا** | اهل واقرباء: خزم و کەسوکار |
| **دەورم چۆڵ بکەن هەتا یەک سەعات** | |
| **مەلائیکەت دێن بۆ لام کشومات** | |
| **نوێژی من دەکەن دەدەن بە هەمدا** | |
| **ڕەحمەت دەبارێ لەسەر لاشەمدا** | |
| **ئەووەل جار دەکا لەسەر من سەڵاوات** | |
| **خالقی مەخلووق هەموو کائینات** | |
| **لەپاشان هەرچوار فریشتەی کیبار** | |
| **نوێژی من دەکەن مەلەک بێشوما** | |
| **وەختێ تێپەڕی یەک سەعات تەمام** | |
| **ئێوە هەمووتان بێنەوە بۆ لام** | |
| **نویژم لەسەر کەن ئەسحابە یەکسەر** | |
| **تا لیمان خۆش بێ خالقی ئەکبەر** | |
| **ئەسحاب کە بیستیان فیراقی ڕەسوول** | |
| **بەربوونە گریان بە دڵی مەلوول** | |
| **عەرزیان کرد قوربان تۆی ڕەسوولی دیین** | |
| **تۆی شەفاعەتخواز جەمعی موزنیبیین** | مذنبین: تاوانبار |
| **تۆی شەمعی جەمعی ڕەسوولانی حەق** | شمع؛ مۆم/ جمع: هەموو |
| **تۆی خۆشەویستی پادشای موتڵەق** | مطلق: سەرجەم |
| **کە تۆ ڕۆیشتی ڕوو بکەینە کێ؟** | |
| **یا خوا لەپاش تۆ حەیاتمان نەبێ** | حیاة: ژیان |

| | |
|---|---|
| **پێغەمبەر کە دی وا هەموو ئەسحاب** | |
| **بەگریە و زاری دڵیان بوو کەباب** | |
| **فەرمووی: غەم مەخۆن بەجێم هێشت بۆتان** | |
| **دوو واعیز، گۆیا، یەکێ بێزووبان** | واعظ: ئامۆژگاریکار |
| **گۆیا قورئانە بێزووبان مەوتا** | موت: مردن |
| **ئەگەر موشکیلی ڕوویدا بەسەرتا** | |
| **تەماشای ئایات ئەحادیس بکەن** | |
| **تا بە مەرتەبەی ولایەت بگەن** | ولایت: پلەی وەلی |
| **هەر وەختێ دڵتان ڕەش بوو لە گوناه** | |
| **خەیاڵی مردن بکەن بە دڵ ڕاه** | |
| **عیبرەت لە مردن زۆر باشە بۆتان** | |
| **گرفتار نابن بە گوناه خۆتان** | |
| **وەختێ نەخۆش کەوت ڕەسوولی سەروەر** | |
| **لە ئاخر مانگی سەفەر موزەفەر** | صفر المظفر: مانگی دووەمی کۆچیی |
| **هەژدە ڕۆژ نەخۆش بوو بە سەرئێشە** | |
| **تا مانگی مەولوود بە بێئەندێشە** | |
| **ڕۆژی دووشەممە گران بوو دەردی** | |
| **شێوەی مەرگ نیشت لە ڕەنگی زەردی** | |
| **ڕۆژی دووشەممە هەموو واقیعات** | واقیعە: ڕوودار |
| **واقیع بوو لەسە فەخری کائینات** | |
| **ئەووەل ولادەت، دووەمین بیعسەت** | ولادة: لەدایکبوون/ بعثة: بوونبەپێغەمبەر |
| **سێیەمین میعراج، چوارەمین هیجرەت** | هجرة: کۆچ |
| **پێنجەم داخڵی بە مەدینە بوو** | |
| **شەشەم لە دونیا کۆچی خێری بوو** | |
| **ڕۆژی دووشەممە هەنگامی سەحەر** | سحر: بەرەبەیان |
| **بردیان بۆ مزگەوت شای خەرولبەشەر** | |
| **کە بە جەماعەت نوێژی سوبح کەن** | |
| **ئەسحاب کردیان بە گریە و شیوەن** | |

| | |
|---|---|
| **وەختێ تەشریفیان بۆ ماڵ بردەوە** | |
| **ڕاکشا لە جێ بەدەم دەردەوە** | |
| **وەحی نازل کرد جەبباری جەلیل** | نازل: دابەزاندن |
| **بۆ مەلەکولمەوت لە ئەی عیزرائیل** | ملک الموت: فریشتەی گیانکێشان |
| **تۆ بچۆ بۆ لای حەبیبی ئەمین** | |
| **بەشکڵێکی جوان نەوەک سەهمگین** | سەهمگین: ترسێنەر |
| **بۆ قەبزی ڕۆحی بچۆ دەروازە** | |
| **تەقولباب بکە ڕوخسەت بخوازە** | |
| **قابیز بە ئەمری واحیدولقەههار** | واحد القهار: ناوی خوایە |
| **هات بۆ خزمەتی ئەحمەدی موختار** | |
| **ڕەسوولی نازدار چاوی چووە خاب** | خواب: خەو |
| **شەهادەی هێنا بۆ ئەجر و سەواب** | اجر وثواب: پاداشت |
| **حەزرەتی قابیز لە قاپی وەستا** | |
| **فەرمووی ئەسسلام یا ڕەسوولوڵڵا** | |
| **لە دەرگاکەی دا بە عەهدی سەفا** | |
| **وتی کوا ئەهلوبەیتی مستەفا** | اهل البیت: خاووخێزان |
| **ئەی ئەهلی بەیتی حەبیبی خودا** | |
| **ئەی مەعدەنی دین ڕیسالەت پەنا** | |
| **ئێوە ڕازی هەن داخڵ بم بە ماڵ** | |
| **لە ڕەسوول پرس کەم، من حاڵ و ئەحواڵ؟** | |
| **عیزرائیل ویستی بێتە ژوورەوە** | |
| **فاتیمە زوو چوو بە زەروورەوە** | |
| **چوو بۆ لای قابیز بەگریانەوە** | |
| **بەشین و زاریی و بە ئەفغانەوە** | |
| **دیتی وەستاوە شەخسێک لە قاپی** | |
| **بەزاهیر شکڵی وەکوو عەرەبی** | ظاهر: ڕووکەش |
| **فاتیمە فەرمووی تۆ ناوت چییە؟** | |
| **بۆچی تۆ هاتوویت فەرمانت چییە؟** | |

| | |
|---|---|
| فەرمووی میوانم هاتووم لە ڕێی دوور | |
| ببینم ڕووخساری ڕەسوولی پڕ نوور | |
| فەرمووی ئەی عەرەب ڕەسووڵ ناساغە | |
| عاجز و ماتە دڵامان بۆی داغە | |
| لەپاش مودەتێ لە قاپیی دا زوو | |
| فاتیمە کە چوو هەر ئەو شەخسە بوو | |
| فەرمووی ئەی عەرەب لێرە مەنیشە | مەنیشە: دامەنیشە |
| ڕەسوول نەخۆشە دڵ پڕ ئەندێشە | |
| قابیزی ئەڕواح بەدەنگی بەرز | |
| سەلامێکی کرد بەنەغمە و بەتەرز | |
| عەلەیکی جوابدا حەبیبی سەروەر | |
| فەرمووی: قابیزە وەستاوە لە دەر | |
| محەمەد فەرمووی فاتیمەی ئەنوەر | |
| نازانی کێیە وەستاوە لە دەر؟ | |
| وتی بابەگیان شەخسێ عەرەبە | |
| خاوەن ویقار و عەقڵ و ئەدەبە | وقار: مەزنایەتی |
| جوابم دایەوە بە دڵی مەلوول | |
| وتم ناساغە حەزرەتی ڕەسوول | |
| ڕەسوول فەرموو قابیزی ڕووحانە | |
| ڕوخسەتی بدە لای من میوانە | |
| داخڵ بوو قابیز بەشەرم و حەیا | |
| وتی ئەسسەلام فەخرەی ئەنبیا | |
| محەمەد فەرمووی عەلەیکە سەلام | |
| یا ئەمینوڵڵا بەخێر هاتییە لام | |
| قابیز عەرزی کرد سەییدی سەروەر | |
| قەسەم بە حەقی خالقی ئەکبەر | |
| لەوساوە قابیزی ئەڕواح بووم | |
| غەیری تۆ بە ئیزن بۆ لای کەس نەچووم | |

| | |
|---|---|
| **سێ جار ئەعرەیدا بەدەنگێکی بەرز** | |
| **کەژ و کێو و دەشت هەموو هاتە لەرز** | |
| **فەرمووی فاتیمە بۆچی نازانی** | |
| **ڕۆحان بە دەستی من دەبن فانی** | |
| **هەموو عیمارەت من دەیکەم خەراب** | عیمارەت: ئاوەدانی |
| **جەرگی مەخلووقات دەکەم بە کەباب** | مخوقات: درووستکراوان |
| **فاتیمە ڕۆیشت بەگریانەوە** | |
| **حەسەن و حسێن بەئەفغانەوە** | |
| **هاتن کە وەختێ زانیان ئەحواڵ** | |
| **هەموو بێهۆش بوون کەوتن لە دەرماڵ** | |
| **وتیان ئەی عەرەب چۆن نەبین مەلوول** | |
| **لە دنیای دەڕوات حەزرەتی ڕەسوول** | |
| **عیزرائیل فەرمووی بێ دەسەڵاتم** | |
| **منیش وەک ئێوە غەمە خەڵاتم** | |
| **فاتیمە فەرمووی زۆر بەهەیبەت بوو** | |
| **لە ترسا هۆش و ئارامم نەبوو** | |
| **سەرتاپام هەموو زوو هاتە لەرزە** | |
| **دڵ پەرێشان بووم ترسام بەو تەرزە** | طرز: جۆر |
| **فاتیمە فەرمووی ئەم شەخسە کە هات** | |
| **ناوێکی ئەمەیە (هادیمولەزات)** | هادم اللذات: لەنێوبەری چێژەکان؛ مردن |
| **قەتعی ئارەزوو و موحیبەت دەکا** | |
| **قەوم و ئەقریبا لە ئەک دوور دەخا** | قوم: تیرە/ اقرباء: کەسە نزیکەکان |
| **ماڵ وێران دەکا و قەبرستان ئاوا** | |
| **ئەوە قابیزە هاتووە ئێستا** | |
| **فاتیمەی زەهرا کە بیستی خەبەر** | |
| **گریا بەشیددەت بۆ مەرگی پدەر** | پدر: باوک |
| **فەرمووی وای بۆ قەتعی وەحی ئاسمان** | قطع الوحي: برانی نیگا |
| **بۆ بوزورگی دین ئەجیننە و ئینسان** | بزرگ: گەورە/ اجنة: جنۆکە/ انسان: مرۆڤ |

| | |
|---|---|
| **ماڵم وێرانە حاڵم شێواوە** | |
| **شەوقی زەوقی من ئیتر نەماوە** | |
| **مەئیوس بووم ئیتر لە قسەی پەدەر** | مایوس: بێئومێدبوون |
| **قسەی نابیستم تا ڕۆژی مەحشەر** | ڕۆژی محشر: ڕۆژی هەستانەوە |
| **حەزرەتی ڕەسوول فەرمووی: لا تەبکی** | لا تبكي: مەگریی |
| **ئەووەل لە ئەهلم تۆ داخڵ دەبی** | |
| **پێغەمبەر فەرمووی ئەی مەلیکولمەوت** | |
| **وەرە ژوورەوە وەخت مەکە فەوت** | کات بەفیڕۆ مەدە |
| **هاتە ژوورەوە بە حوسن و جەمال** | |
| **سەلامی کرد لە دۆستی زولجەلال** | |
| **عەلەیکی جوابدا پێی فەرموو حەزرەت** | |
| **بۆ ڕۆحم هاتووی یا بۆ زیارەت؟** | |
| **فەرمووی ئەی ڕەسوول بۆ هەردوو لایان** | |
| **ناردوومی خودای حەیی لامەکان** | حي لاماكان: زیندووی جێ نادیار |
| **ئەگەر مەیلت بێ فەرمان بەردارم** | |
| **گەر مەیلت نەبێ دەڕۆم بۆ کارم** | |
| **ڕەسوول کە بیستی ئەم حیکایەتە** | |
| **ئەوساکە زانی جا نیهایەتە** | |
| **فەرمووی عیزرائیل، جوبرائیل کوانێ؟** | |
| **با ئەحواڵی من ئەویش بزانێ** | |
| **عەرزی کرد قوربان لە ئەرز و ئاسمان** | |
| **تەعزیەیان گرت مەلائیکەکان** | |
| **ڕەسوولی خودا فەرمووی عیزرائیل** | |
| **ئومێدم هەیە کە بێت جوبرائیل** | |
| **ئەمجا جوبرائیل هاتە سەر زەمین** | |
| **فەرمووی ئەسسلام ڕەسوولی ئەمین** | |
| **عەلەیکی جوابدا ئەحمەدی موختار** | |
| **فەرمووی یا ئەخی بۆ نەبووی دیار؟** | یا أخي: ئەی برا |

| | |
|---|---|
| **به عاجزییەوە ئەمجا جوبرائیل** | |
| **دانیشت لە ژوورسەر حەبیبی جەلیل** | |
| **فەرمووی جوبرائیل نازانی خەبەر!** | |
| **وەعدەی مردنم گەیشتووەتە سەر** | |
| **مژدە بدە پێم لە خزمەت ڕەحمان** | |
| **با لوتفی خودا لە من بێ عەیان** | |
| **جوبرائیل فەرمووی ڕەسوولی نازدار** | |
| **ئیسرافیل لەگەڵ مەلەک چەند هەزار** | |
| **هەر یەک حامله یەک تەبەق لە نوور** | حامل: هەڵگر |
| **دەکەن شاباشی بۆ تۆ بەزەروور** | |
| **دەروازەکانی هەر حەوت ئاسمان** | |
| **کردیانەوە بۆت مەلائیکەکان** | |
| **ڕیزیان بەستووە لە ڕێتا یەکسەر** | |
| **مونتەزیری تۆن سەرداری بەشەر** | منتظر: چاوەڕوان |
| **گشت کرایەوە دەروازەی جەننەت** | |
| **حۆرییان هاتن هەموو بەزینەت** | |
| **خۆیان ئارایش داوە بەشەوکەت** | |
| **هەتا وەربگرن لە تۆ بەرەکەت** | |
| **پێغەمبەر فەرمووی پێم بدە خەبەر** | |
| **دوای من ئوممەتم چییان دێتە سەر؟** | |
| **فەرمووی ئوممەتت گەر تۆبە بکا** | |
| **یەک ساڵ پێش مەرگی خوا عافووی دەکا** | |
| **قبوڵی نەکرد ڕەسووڵی دانا** | |
| **فەرمووی نیانە یەک ساڵ توانا** | |
| **فەرمووی گەر یەک مانگ لە پێش مردنا** | |
| **تۆبە کا، خودا زوو عافووی دەکا** | |
| **قبووڵی نەکرد ئەمیش مستەفا** | مصطفى: دەستبژێر |
| **فەرمووی یەک مانگیش زۆرە هیچ ناکا** | |

| | |
| --- | --- |
| جوبرائیل فەرمووی یەک هەفتە ئەگەر | |
| پێش مەرگ تۆبە کەن عەفوون سەرانسەر | |
| هەمدیسان فەرمووی حەبیبی دانا | |
| جومعەیەک زۆرە نیانە توانا | |
| جوبرائیل فەرمووی یەک ڕۆژ پێش مردن | |
| تۆبە کەن لە گشت گوناه دەردەچن | |
| قبووڵی نەکرد حەزرەتی ڕەسووڵ | |
| فەرمووی یەک ڕۆژ من نایکەم قبووڵ | |
| فەرمووی جوبرائیل ئەگەر یەک سەعات | |
| پێش مەرگ تۆبە کەن دەیانبێت نەجات | |
| ئەمەشی قبووڵ نەکرد پێغەمبەر | |
| فەرمووی رازی نیم ڕەسوولی سەروەر | |
| بچۆ بۆ حزوور حەزرەتی باری | |
| جوابم بۆ بێنە زوو بۆ ڕزرگاری | |
| خودای تەعالا جا هاتە گوفتار | |
| فەرمووی جوبرائیل بڵێ بە موختار | |
| مژدەبێ ئوممەت تۆبە بکا ئەگەر | |
| لەپێش ئەوەدا ڕۆح بچێتە دەر | |
| قبووڵی دەکەم تۆبەی ئوممەتی | |
| لەبەر دڵی ئەو نەبێ میحنەتی | |
| گوناهکاریش بن عەفوویان دەکەم | |
| دەچن بۆ جەننەت بە دڵی بێغەم | |
| جوبرائیل فەرمووی بە ئەمری خودا | |
| جەننەت حەرامە لەسەر ئەنبیا | انبیاء: پێغەمبەران |
| لەسەر ئوممەتان حەرامە یەکسەر | |
| تا داخڵ نەبی ئەی خەیرولبەشەر | |
| تا ئوممەتی تۆ گشت داخڵ نەبن | |
| کەس داخڵ نابێ وای فەرموو بە من | |

| | |
|---|---|
| پێغەمبەر فەرمووی دڵم ساکن بوو | |
| ئەم مژدە خۆشە کە هەر بۆ من بوو | |
| جا فەرمووی قابیز تۆ وەرە نزیک | |
| بە کاروباری خۆت ببە خەریک | |
| بە ئەمر و فەرمان خالقی جەلیل | |
| چووە پێشەوە ئەمجا عیزرائیل | |
| ڕۆحی ڕەسوولی هاوردە ڕانی | |
| حەمدی خودای کرد زوو بە زووبانی | |
| ئەخی جوبرائیل لەوێ وەستا بوو | |
| لە داخی ڕەسوول هۆشی نەمابوو | |
| پێغەمبەر فەرمووی تۆی ڕووحولئەمین | |
| تەماشا بکە ئەحواڵم ببین | |
| فەرمووی یا ڕەسوول کێ بێ بتوانێ | |
| لە وەختی مردن بۆ تۆ بڕوانێ | |
| پێغەمبەر فەرمووی مەرارەتی مەوت | مرارة الموت: تاڵی مردن |
| یەکجار گرانە کاتێ دەبی فەوت | |
| ڕۆحی پاکی لەسەر سینەی کە وێستا | |
| ڕەسوولی خودا جا خەبەری دا | |
| وەسێتی فەرموو بۆ نوێژ و تاعات | |
| فەرمووی تەرک نەبێ هەتاکوو مەمات | ممات: مردن |
| دائیمەن بیکەن پێنج ڕووکنی دینە | |
| گوناهان دەشوات لادەبات کینە | |
| پێغەمبەر فەرمووی لە دەرحەق ژنان | |
| هەموو زەعیفن لەژێر دەستتان | |
| لێیان ببورن عەقڵیان پەشێوە | |
| چونکە موحتاجن دائیم بە ئێوە | |
| حەزرەتی ڕەسوول عەلەیهی سەلام | |
| وەسییەتی ئەوە بوو تا ئاخیر کەلام | |

| | |
|---|---|
| ئەمجا جەنابی ئەحمەدی موختار | |
| دەستی کردە مل فاتیمەی نازدار | |
| فەرمووی فاتیمە دانیشە لەلام | |
| حەسەن و حسێن بانگ کە، بێن بۆ لام | |
| حەسەن و حسێن دەیانکرد هاوار | |
| بۆ باپیرەیان زۆر بوون بێقەرار | |
| فەرمووی بە قابیز بە ئەمری کەریم | |
| بڵێ: بیسمیللا ڕەحمانی ڕەحیم | |
| فەرمووی: عیزرائیل نەبی نەدامەت | ندامة: پەشیمانی |
| من یەقەت دەگرم ڕۆژی قیامەت | |
| لە ڕۆحکێشانا کێ زەحمەت دەخوا | |
| لە ئوممەتی من، بە من بێ ڕەوا | |
| لە تەرەف ڕاستی دانیشت جوبرائیل | |
| هاتە تەرەفی چەپی میکائیل | |
| ئیسرافیل دانیشت لە ژووری سەری | |
| مەلائیک ڕیزبوون لە چواردەور و دەری | |
| لەپاشا فەرمووی حەیدەری کەڕار | حيدر الكرار: ناوی عەلی ئەبوتاڵیبە |
| جولاوە لێوی ئەحمەدی موختار | |
| من وەهام دەبیست پێغەمبەر وتی | |
| دائیم دەیفەرموو ئوممەتی ئوومەتی | امتي: نەتەوەکەم |
| بە ئەمری خودا ڕازی بوو ڕەسووڵ | |
| قابیز بە قەبزی ڕۆحی بوو مەشغووڵ | |
| ڕۆژی دوازدەیەم ڕەبیعولئەووەل | |
| دووشەممەی شەریف تەقدیری ئەزەل | |
| بە ئەمری خودا دەهەندەی داوەر | |
| ڕۆح لە بەدەنی ڕەسووڵ چووە دەر | |
| ڕیحلەتی فەرموو لە دنیای فانی | |
| نائیل بوو بە نوور لیقای ڕەحمانی | نائل: پیگەیشتن |

| | |
|---|---|
| **مودەی حەیاتی شەت و سێ ساڵ بوو** | |
| **ساحێبی حوسن و نوور و جەمال بوو** | |
| **دە ساڵ لەو ڕۆژەی ڕەسوول کۆچی کرد** | |
| **ئەرز و سەماوات زارییان دەکرد** | |
| **ڕۆژی دووشەممە ڕەبیعولئەووەل** | |
| **فەرمووی غەسلم کەن ئەحمەدی موڕسەل** | غسل: شۆردن |
| **حەزرەتی عەلی داینا لەسەر تەخت** | |
| **کە بشوا جیسمی لەتیفی حەزرەت** | |
| **بانگێ هات، وتی: مەشۆن پێغەمبەر** | |
| **چونکە وجوودی پاکە و موتەههەر** | مطهر: پاکوخاوین |
| **حەزرەتی عەلی کەوتە وەسواسە** | |
| **موتەحەییر بوو لەو دەنگوباسە** | متحير: سەرسام |
| **فەرمووی ئەم دەنگە کێ بوو و چی بی؟** | |
| **ئەمری بە من کرد مەشۆ نەبی** | |
| **دیسان دەنگێ هات فەرمووی بە یەقین** | |
| **یا عەلی بشۆ خاتەم موڕسەلیین** | |
| **بانگی ئەووەل جار هیی شەیتان بەد بوو** | بەد: خراپ |
| **بوغز و حەسەدی بۆ محەمەد بوو** | |
| **نییەتی وا بوو لە دەرحەق ئەحمەد** | |
| **بە نەشۆراوی بچێتە ئەلحەد** | الحد: گۆڕیچە |
| **بزانن چی کرد ئیبلیسی غەدار** | |
| **دەرحەق نەبی، ئەحمەدی موختار** | |
| **سا عەلی فەرمووی ئەی جەزاکەڵڵا** | |
| **لەم قەباحەتە منت نەجاتدا** | |
| **تۆ کێ بوویت ڕەحمت وا کرد بە بەندە؟** | |
| **فەرمووی مەشهوورم بە خزری زیندە** | |
| **بە دەرد و غەم و بە دڵی غەمبار** | |
| **هاتووم بۆ زیارەت ئەحمەدی موختار** | زیارەت: چوونە دیدار پیاوچاکان |

| | |
|---|---|
| **جوبرائیل لە بەهەشت بۆ غەسلی ئەحمەد** | |
| **هێنای میسک و عەتر و عەبیری بێ حەد** | میسک و عەتر و عەبیر: سێ بۆنی خۆشن |
| **عەلی، ئوسامە، فەزڵی بن عەباس** | بن: کوڕ |
| **شۆرییان لاشەی پاک ڕەسوول بە ئیخلاس** | |
| **ئەمجا جوبرائیل لەسەر ڕووی زەمین** | |
| **لەگەڵ مەلائیک سەمای حەوتەمین** | سەما: ئاسمان |
| **نوێژیان کرد لەسە جەنازەی ڕەسووڵ** | |
| **بە حزووری دڵ بە سەف و ئوسووڵ** | |
| **لە ئەسحابانی ئەمجا دەستوبرد** | |
| **چوارده هەزار کەس نوێژیان لەسەر کرد** | |
| **بە شین و زاری و گریان نیژانەوە** | |
| **لە حیجری عائیشە بە دڵ پەرێشانەوە** | |
| **وەکوو باس دەکەن شەوی سەلاساء** | ثلاثاء: سێشەممە |
| **خرایە ڕەوزە خاتەمولئەمبیاء** | |
| **بەعزێکیش دەڵێن شەوی ئەڕبیعاء** | اربعاء: چوارشەممە |
| **خرایە ڕەوزە لە نیوە شەودا** | روضة: گۆڕ |
| **حەزرەتی عائیشە لەوێ وەستا بوو** | |
| **سەبر و ئارام و هۆشی نەما بوو** | |
| **لە دووری ڕەسوول بە بێقەراریی** | |
| **دەی لاواندەوە بە شین و زاری** | |
| **فەرمووی ئای بۆ تۆ ساحێب حەیا و شەرم** | |
| **قەت دانەنیشتی لەسەر فەرشی نەرم** | |
| **قەت دانەنیشتی تۆ لەسەر سەریر** | سریر: تەختی شایەتی |
| **هەر دادەنیشتی لە بانی حەسیر** | |
| **هاواری دەکرد بە زاری و زویر** | |
| **دەیوت قەت نەتکرد لیباسی حەریر** | لباس: پۆشاک |
| **لەسەر ڕوو زەمین فەخری موڕسەلیین** | |
| **زگت تێر نەبوو لە نانی جۆیین** | نانی جۆیین: نانی جۆ |

| | |
|---|---|
| یــا ڕەســـوولەڵڵا بۆ تۆ ســـەد هــاوار | |
| قەت تێر نەخەوتی لەبەر خۆفی نــار | خوف: ترس |
| لە خۆفی خودا، لەتـرســـی جەحیم | جحیم: دۆزەخ |
| ئـارامــت نەبــوو ئەی یــاری کەریــم | |
| ڕجــام وەهــایە حەزرەتــی ڕەســـووڵ | |
| بە ئوممەتی خۆت بمـان کەی قبووڵ | |
| لە هەر دوو دنـیــا هەمـت بخە کــار | هم: کوشش |
| خەلاس بین لە دەســـت نەفســی بەدکردار | |
| یا ڕەب بە حاجەت ســـەییدی ســـادات | |
| قبووڵ کە لێمــان قــازیئولحــاجــات | |
| لە مەحشـــەر لەژێر بەیــداخی ئەحمەد | بەیداخ: ئاڵا |
| حەشـــرمــان بکەی واحیــدولـئەحەد | |
| یا ڕەب بە حاجەت شـــای خەیرولبەشـەر | |
| ببەخشـــە خەتـای ئوممەتـان یەکســـەر | |
| بـبەخشـــە خەتــای کــاتـبـولـحـوروف | کاتب الحروف: نووسەری ئەم پیتانە |
| فەقێ ئەبووبەکر لە جێگـــای مەخووف | |
| ئەووەل بە جــاهــی پــێـغەمـبەرانــت | |
| دووەم بە عــیشـــقــی مەلائـیـکــانــت | |
| خســوســی بەحاجەت ڕەســوولی ســەروەر | |
| گونــاهمــان ڕەســـیــد بکە لە دەفتەر | |
| تــۆ مەعـبــوودێکی بــوزورگ و جەلــیـل | معبود: پەرستراو |
| ئێمەش عەبــدێکین زەعیف و زەلیــل | عەبد: بەندە |
| کــاتــب ئەلئەشـــعــار عەبـدی بێچــارە | کاتب الاشعار: نووسەری ئەم هۆنراوەیە |
| عــاجز لە دەوری شــــاهی موختــارە | |
| عەبــدی ڕووڕەش و زۆر گــونــاهـکــارم | |
| بــۆ دووعــای خێـری هەر ئـیـنـتـیـزارم | |
| ســـەد هەزار ڕەحمەت بۆ ڕۆحی نەبی | |
| بــۆ جیســـمــی پــاکی نەبــی عەرەبــی | |

| | |
|---|---|
| تەواوو | **الف صـلاة ولاسـلام عليک يا رسـول الله**<br>**الف صـلاة والسـلام عليک يا حبيب الله**<br>**اللهم هون علينـا سـكرات الموت**<br>**اللـهم سـلمنا وسـلم ديننـا**<br>**ولا تسـلب وقـت الـنزع ايمـانن**<br>**بـحـق سـورة الـفـاتـحـة**<br><br>**به عـيـنـايەتـی خـودای زولـجەلال**<br>**ئەم کـتـێـبه لـێـرەدا تەواو بـوو**<br><br>**تمت** |